# تورکیا دەیەوێ بە بیانووی سەربەخۆیی کوردستان، چارەنووسی تورکمانەکان و نەوتی کەرکووک و پ.ک.ک هێرشی سەر کوردستان بکات





ماوەیەکە لە مێدیاکاندا باس لە هێرش و پەلاماری تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان دەکرێ. کاربەدەستانی تورکیا بۆ ڕەوایی دان بە هێرشەکەیان هات و هاوار دەکەن و پەنا بۆ ئەمریکاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبەن. داوای هاوکاری و هاوهەنگی لە ئێران و عێراق دەکەن. ئیدی ئۆپەراسیۆنی چاوەڕوان کراوی تورکیا هاتۆتە ڕۆژەڤەوە. سەرباری ئەوانەشەوە زۆرێک لە چاودێران بایەخ بەو هەواڵانە نادەن، بە چەواشەکارانە و فریودەرانە لێکیان دەدەنەوە، پێیانوایە کە حکومەتی ئەنکاراو حزبەکانی تورکیا دەیانەوێ لەهەڵمەتی هەڵبژاندا سوودی لێوەربگرن و دەنگی پێ کۆبکەنەوە. بۆ ورد بوونەوە لەم بابەتە بە باشمان زانی چەند برگەیەک لە مێزگەردێکی تورکەکاندا وەربگرین.

لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی دا کارناسێکی سیاسی تورکیا گوتی درەنگ یا زوو تورکیا بە سێ بیانووی" ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردان"،" لەمەترسی کەوتنی چارەنووسی تورکمانەکان و نەوتی کەرکووک" و" پ.ک.ک"، هێرش هەر دەکاتە کوردستان. ژەنەراڵێکی تورکیش گوتی ئەمریکا ناتوانێ پێشمان پێ بگرێ، ئەگەریش ئەمەی کرد لەگەڵی دەجەنگین.!

شەوی هەینی ٣١-٥-٢٠٠٧، "محەمەد عەلی بیراند" ڕۆژنامەوانی ناوداری تورک لە پرۆگرامی ٣٢ەمین ڕۆژی کەناڵی D ی تورکیادا دووکارناسی سیاسی کە "**دوکتۆر ئومید ئۆزداغ**" و **ئیلنوور چەویک**، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی "نیو ئاناتۆلی"، "**ئونور ئویمەن**، جێگری پارتی کۆماری گەل، "**سیناسی دەمیر**، ژەنەراڵی خانەنشینی تورک و "**سەفین دزەیی**"، بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانیشی (بە تەلەفۆن) بانگهێشت کردبوو و تێیدا باسیان لە سەر ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستان، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی تورکیا و ئەمریکا دەکرد، هەروەها کۆمەڵێک کێشەیان لە پێوەندی پ.ک.ک و ئاسایشی تورکیا دا هێنایە بەر باس و لێکدانەوە.

مەمەد عەلی بیراند لە سەرەتا لە میوانەکانی پرسی کە بۆچی دەبێت تورکیا هێرش بکاتە کوردستان ؟! ئایا ڕووبەڕووی سوپای ئەمریکا دەبێتەوە و کەش وهەوایی گشتی باشووری کوردستان و ڕوانگەی حکومەتی هەرێم لەم پێوەندیەوە چیە؟

## کوردستان پ.ک.ک بە هەڕەشە و مەترسی سەر خۆیان نابینن

سەرەتا "ئیلنوور چەویک" ڕۆژنامەوانی تورک وتی کە لە هەرێمی کوردستاندا مێدیاکان بە ڕادەی پێویست نیگەرانیەکانی تورکیا لەمەر پ.ک.ک بە ڕایی گشتی ناگەیێنن و لە لایەکی ترەوە لە لایەکی تریش باشووری کوردستان بە تایبەت لەم دوایانە دا بە ڕەورووی چەند هێرشی تیرۆریستی بۆتەوە و ئەوان زیاتر ئەلقاعیدە و پارتە سیاسیەکانی ئیسلامی توندڕۆ بە کێشە و مەترسی خۆیان دەزانن.

ناوبراو وتی: بیروڕایی گشتی پ.ک.ک لە خۆیان دەزانن و ئەم گرووپە ئەگەرچی بە مایەیی نیگەرانی خۆیان دەزانن بەلام وەکو هەڕەشەیەک دژ بە خۆیانی ناوزەد ناکەن و لەگەڵیان دا بە ئاسایی مامەڵە دەکەن، پێوەندی سیاسی و بنەماڵەیی دروست دەکەن.

## چۆن هێرش بکرێتە سەر کوردستان؟

"سیناسی دەمیر"، ژەنەڕاڵی خانەنشینی ئەرتەشی تورکیاش لەمبارەوە وتی کە ئەرتەشی تورکیا لە جیهان دووهەمین و لە ناوچەکەشدا پاش ئەمریکا بەهێزترین و مەزنترین هێزی چەکدارە و بە ئاسانی دەتوانێ هێرش بکاتە سەر کوردستان و ئەمەش دەتوانێ بە سێ جۆر بێتە پێش:

- بە هێرشی ئاسمانی کەمپ و بنکەکانی پ.ک.ک لە قەندیل و باشووری کوردستان وێران بکات.
- لە سەر سنوور ناوچەیەکی تامپۆن (پارێزراو) دروست بکات و نەهێڵێ جیتر ئەندامانی پ.ک.ک دزە بکەنە ناو خاکی تورکیا.
- هێرشێکی بەرفراوانی زەوینی و ئاسمانی بە یەکەوە ئەنجام بدات.

ئەگەرچی هیچ کام لەم ڕێگەیانە ناتوانن پ.ک.ک و کێشەکە بە گشتی لە ناو بەرن.

ئەوە لە کاتێک دابوو کە ژەنەراڵی خانەنشین دژ بە پ.ک.ک جەختی لە سەر هاوکاری وەرگرتن لە ئێران دەکردەوەو دەیگوت: سەرەتا پێویستیشە سەرچاوە ئابووریەکانی کوردستان و پ.ک.ک لە ناو ببردرێن و پێش لە ئابوورەکەیان بگیرێ.

ژەنەرالی خانەنشی گوتی ئەگەر بریار بێت ئێمە هێرش بکەینە باشووری کوردستان و ئەمریکا بێت و لەگەلمان شەر بکات، گرفت نیە. سوپای تورکیا ئامادەیی بۆ ئەمەش هەیە و پێشبینی هە موو سێناریۆیەکانی چاوەڕوانکراوی هێرشێکی هاوشێوەی کردووە و جێگەی نیگەرانی نیە.

ئەمجارە ئێرە وڵاتی ئێمەیە و ئەمریکا بەم سەربازە کەمە و ئەم بارودۆخەی کە تێیدا و باری ڕەوانی سەربازەکانی ناتوانێ لەگەل ئەرتەشی تورک بجەنگێ.

## مافی خۆمانە هێرشی کوردستان بکەین

"ئونور ئویمەن"، جێگری پارتی کۆماری گەل وتی کە حکومەتی ئاکەپە، جەسارەت و بوێری پێیویستی نیە بۆ ئەوە کە هێز لە هەمبەر باشووری کوردستان و پ.ک.ک دا بە کار بێنێ، دەلێن کە بە باشی نازانین. کاتێک کە عێراق و ئەمریکا و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان دژ بە پ.ک.ک هیچ هەنگاوێک نەهاوێژن، ناچار دەبین کە ئێمە ئاسایشی خۆمان بپارێزین و هێرش بکەین، بە پێی یاساکانی نێو دەولەتی پاراستنی خۆمان لە دەرەوەی سنوورەکان بکەین ، ئەگەر ئەمریکا نەتوانێ یارمەتیمان بکات و وەکو ئەندامێکی ناتۆ نەتوانێ و نەهێڵێ کە ئێمە خۆشمان هەوڵ بۆ ئاسایشی تورکیا بدەین ئەوە بە مانایی کۆتایی هاتنی پەیمانی ناتۆیە.

لە هەمان کات دا "ئومید ئۆزداغ" کە پرۆفیسۆری زانکۆیە و کارناسی کاروباری سیاسی وتی: تورکیا وڵاتێکی بە هێزە و بە هەر بیانوویەک بێ دەتوانێ هێرش بکاتە سەر کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش لانی کەم بۆ ڕایی گشتیی جیهان سێ بیانووی باشی هەیە:

- بە بیانووی پاراستنی مافی تورکمانەکان و نەوتی کەرکووک دەتوانین هێرش بکەین!
- بە بیانووی پ.ک.ک و پاراستنی ئاسایشی تورکیا دەتوانین هێرش بکەین!
- ئەگەر سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیێندرێ کە ئەمە دەبێتە هۆی کێشە و قەیرانی ستراتێژیک بۆ داهاتووی جوگرافیایی سیاسی تورکیا و بیانوویەکی تەواوە کە تورکیا هێرش بکات!

ئەو بەو سێ بیانۆیەوە هێرش کردنە سەر باشووری کوردستان و داگیرکردنی بە کارێکی ئاسایی و ڕەوا لێکدایەوە.

ئومید ئۆزداغ کە ماوەیەک لەمەوبەر خۆ بۆ کاندیداتۆری سەرۆکایەتی پارتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تورکیا (MHP) کاندید کرد بەڵام هەڵنەبژێردرا و تورکێکی ئۆلترانەتەوەپەرەست (فاشیست)ە و سێ جۆریش لە شێوازەکانی هێرش بۆ سەر کوردستان ناو برد و گوتی کە هەم لە ڕێگەی ئاسمانی و هەم زەوینی و هەم هەردوو شێوە بە یەکەوە دەتوانێ ڕوو بدات، بەڵام سەرەتا باشترە کە ڕێگەی ئابووری لە بارزانی و تالەبانی بگیرێ.

ناوبراو ئیدعایی کرد کە بارزانی و تالەبانی زیاتر لە ١٣٧ کۆمپانی ئابووریان لە ناوچەی سەربەستی ئابووری کەشتیگەیی مەرسین لە تورکیا هەیە و لە میانەیی ساڵانی نەوەتەکاندا مەسعوود بارزانی لانی کەم بە بەڵگەوە سەلمێندراوە کە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار و تالەبانی ٢٠ ملیۆن دۆلاری لە تورکیا یارمەتی مادی وەرگرتووە و لە بەرانبەر دا چەند ساڵ دژ بە پ.ک.ک جەنگاون ، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی کە ئێمەش دەبی وەکو ئێران باشووری کوردستان بترسێنین و سنووری برایم خەلیلیان لێ دابخەین.

ناوبراو گوتی:ئێران ئەم کارە دەکات و بۆیەش یەکێتی و پارتی حیساب بۆ ئێران دەکەن، ئێران سۆخیان لەگەڵ ناکات و بە جیددی کێشەیان بۆ ساز دەکات بەڵام ئێمە تەنیا بە دەهۆل و زورنا دەمانەوێ بیانترسێنین. کارەبا و سووتەمەنیان لێ قەپات بکەین و خاپوور ببەستین ئەمجارە ناتوانن بەم شێوە بە قسەشمان نەکەن و درێژە بە هەڕەشەکان بدەن.

ئەمجارە "سەفین دزەیی" بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، کە بە شێوەی زیندوو لە هەولێرەوە ئامادەیی پرۆگرامەکە بوو، پاش ئەوەی کە زیاتر لە کاتژمێرێک کێشەی تەکنیکی بۆ پێوەندیەکەی ساز ببوو(کە وادیار بوو بە ئەنقەست ساز کرابێ تا گوێیی لە قسەکان نەبێت)، هاتە ناو بەرنامەکە و جوابی پرسیارەکانی دایەوە.

مەمەد عەلی بیراند باسەکەی بە کورتکراوەیی بۆ سەفین دزەیی باس کرد و ناوبراویش بەم شێوەیە دەستی بە قسەکانی کرد:

**پ.ک.ک کێشەی ئێمە نیە، با تورکیا بە دیالۆگ چارەسەری بکات.** دواتر گوتی: دیارە ئێمە بەردەوام لە تورکیا وەکو مەترسیەک باسمان لێدەکرێ، ئەمەش چەندە لە ڕێگەی مێدیاکانەوە گەورە کراوەتەوە دیارە، بەڵام جێگەی باس نیە. ئێمە سەرەتا تەقینەوەکەی ئەنقەرەمان مەحکووم کرد و پێمان ناخۆش بوو. سەبارەت بە پ.ک.ک، ئەم پارتە کێشەی ناوخۆی ئێمە نیە بەڵکو هی تورکیایە و تەنیا کەڵک لە بەشێک لە سنوورەکانی ئێمە وەردەگرێ بۆ ئامانجەکانی و ڕێگەی لە چەندین گوندی ئێمەش گرتووە کە ئاوەدان بکرێنەوە.



وەکو پێشتر بینیمان ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئاکامی لێناکەوێتەوە و پێویستە کە ڕێگەی تر و چارەسەری دۆستانە بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشە بێنێتە بەر باس.. ئێوە کە دەزانن هەر گرووپێکی تیرۆریستی لە هەر شوێنێک بێت چ لە لەندەن و نیۆیۆرک و هتد تەقەمەنی خۆی پەیدا هەر دەکات و ئێمە لە سەر ئەم بڕوایەن کە چون کێشەی پ.ک.ک هی ناوخۆیی تورکیایە ئاواش گەرەکە لە ناوخۆیی تورکیاش چارەسەر بکرێت ، ئێمە هەوڵیش دەدەین کە ڕێڕەوێک بۆ میکانیزم و ڕێگا چارەیەک ببینینەوە.

سەفین دزەیی سەبارەت بە ئاستی پێوەندیەکانی ئێستایی نێوان حکومەتی کوردستان و تورکیاش گوتی: بە داخەوە ئێمە خەریکە لە پێوەندیەکانمان دا دەگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی پێش ١٩٩١. دوای شەری کەندا ئێمە دیالۆگی ڕاستەوخۆمان لەگەل تورکیا کرد، بەڵام بارودۆخ و ستاتوویی نوێی کوردستان پاش هێرشی ئەمریکا، کەش و هەوایی دیالۆگی نەهێشتووە و هەندێک لێدوان لە مێدیاکان جێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ و پێویستی گرتۆتەوە.

ئێمە بە ئاشکرا ڕادەگەیێنین کە نە ئێمە وەکو کوردستان، نە حکومەتی عێراق و نە ئەمریکاش بۆ چارەسەری کێشەی پ.ک.ک باس لە هەنگاوی سەربازی ناکەن و دژایەتی ئەم بوچوونەش دەکەن، کەچی وێڕای ئەمەش باش لە کێشەکانی تورکیا باش دەگەیەن، بەڵام ئەم وڵاتە بە تەنیایی پێداگرە لە سەر چارەسەری سەربازی.

ئەمجارە ئونوور ئویمەن، لە سەفین دزەیی پرسی:

هۆی چیە، ساڵەکانی ١٩٩٦ ئێوە شەڕتان لەگەل پ.ک.ک دەکرد و ئێستا نایکەن؟ ئایا پێتان وایە ئەو کات هەڵەتان کردووە، پێتان ڕاست نیە؟ ئایا پ.ک.ک بە هی خۆتان و لە خۆتان دەزانن یا ئەوە کە ئەمریکایە بۆتە هۆی نەجەنگانی ئێوە لەگەڵ پ.ک.ک؟

سەفین دزەیی لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر چی ئێمەش حەز لە سیاسەت و ڕوانگەیی پ.ک.ک ناکەین، بەڵام کاتێک کە شەرمان لەگەل کرد بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتین و پێمان باش نیە دیسان شتێکی ناسەرکەوتوو و هەڵە دووپات بکەینەوە، جگە لەمەش ئێمە ئامادەین سەبارەت بە هەر مەسەلەیەک لە کولتووری و سیاسی و ئابووریەوە بگرە تا کێشەکانی کۆمەڵایەتی و سەربازی گفگۆیان لە سەر بکەین.

دیسان پرسیاری ئەوە لە سەفین دزەیی کرا کە بۆجی ڕێبەرانی کورد هەڕەشە لە تورکیا دەکەن؟

سەفین دزەیی لە وەڵام دا گوتی: هەر کەس ماف بە خۆی دەدات کە باسی کەرکوک بکات و دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەم شارە بکات، بەڵام کاتێک کە ئێمە وەڵامی دەستێوەردانەکان دەدەینەوە، گوتەکانمان بە هەڕەشە لەقەڵەم دەدرێ. ئەوجار لێدوان لە ڕێگەی مێدیاکانەوە دروست نیە. ڕەوشی هەڵبژاردن لە تورکیاش بۆتە هۆی ئەمە کە هەندێک لێدوانی توند لە بەرانبەرمان بدرێن. ئەگەرچی دەبێ باش بزانرێ کە ئێمەش نامانەوێ کە هیچ کەس هەڕەشەمان لێبکات، بەڵکو پێوەندی باش و دۆستانە لەگەڵ دراوسێکان دەخوازین. ئێمەش دەزانین کە وڵاتانی بیانی کە لە دوورەوە هاتوون ڕۆژێک ئێرە بەجێدێلن بەلام ئێمەین کە ١٠٠٠ ساڵە بە یەکەوە دەژین و پێویستە دراوسێی باش بین وبە ژیری و لۆژیک بە یەکەوە ڕەفتار بکەین و وێنەی ناهومێدکەر لە یەکدی ساز نەکەین.

بیراند لە دزەیی پرسی کە ئایا، ئەمریکا ڕاپۆرتی جموجۆڵی سەربازی تورکیا بە کوردستان ڕادەگەیێنێ ، ناوبراو لە وەڵامیدا گوتی کە ئێمە لە هەر پێوەندیەک دا هاوکاری بەردەواممان لەگەڵ ئەمریکا هەیە و ئاڵوگۆری زانیاری دەکەین و بۆ کێشەکانی سەر سنوور و تیرۆر و زۆر مەسەلەی تر. پێوەندیەکانی تورکیا و ئەمریکاش هیچ بەستراوەیەکی بە ئێمەوە نیە.

## ئایا لە لایەن تورکیاوە هێرش دەکرێتە کوردستان؟

سەفین دزەیی گوتی: بڕوا ناکەم. ئەمە شتێکی نوێ نیە. لە نەوەتەکانەوە ئەم باسە هەیە. بەڵام ئێمە خۆمان گیرۆدەی شەری دژە تیرۆرین، ئەگەرچی عێراق ئاڵۆزە و تووشی کێشە ی ئاسایشیە بەڵام خاوەن سەروەریە و قەبووڵ ناکات کە هێرشی بکرێتە سەر و خاک و مافەکان و سەروەریەکەی پێشێل بکرێ.

سەفین دزەیی لە کۆتایی دا گوتی کە ئێمە ویستی خۆمان بۆ دیالۆگ بە تورکیا ڕاگەیاندووە ، دەستی دۆستیمان درێژ کردووە ، کەچی ئەنقەرە بە پێی کەش و هەوا و ئاڵوگۆڕەکان، بریاری خۆی دیاری دەکات، لە تورکیادا ڕەوشی کوردستان بە خراپی و وەکو مەترسیەک باس لێوەدەکرێ ، ئێمە هیواداڕین کە پاش هەڵبژاردن حکومەتی نوێ، دەرگەیی دیالۆگ بکاتەوە و هەنگاوی پێویست لەمبارەوە هەلبگرێ.

پاش قسەکانی سەفین دزەیی، میوانەکانی تورک درێژەیان بە هەڕەشەکانی تورکیا، جۆنیەتی هێرشی کوردستان دا.

ئەگەرچی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورک بۆ دەرەوەی سنووری خۆیان ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، کاربەدەستان و سیاسەتمەدارانی تورکیاش بەباشی هەستی پێدەکەن، کەچی پڕوپاهەندەی هەڵبژاردن ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر کردووە، لەم پێوەندیەدا ڕۆژنامەکان ئاشکرایان کردووە کە حکومەتی تورکیا بۆ چاودێریکردنی ئاسمانی هەرێمی کوردستان دوو ڕاداری پێشکەوتوویان لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان داناوە، هێزێکی زۆری لەسەر سنوور کۆکردۆتەوە، لەوانەیە لە ڕۆژانی داهاتووشدا ڕاستیەکان خۆیا بن و خەڵکیش لەو دڵە ڕاوکێیە ڕزگاریان ببێ.

**سوود لە پێگەی مانشێت نیوز وەرگیراوە**